# خانەقی/ كۆبونەوە لە دژی راسپاردەكانی لیژنەی(بێكەر-هاملتون)

ئیمڕۆ لە كاتژمێری3ی پاشنیوەڕۆ، لە بارەگای حزبی شیوعی كوردستان لە خانەقی كۆبوونەوەیەك رێكخرا لەلایەن بەرێزان(وەلی شەریف-رۆشنبیر، عەدنان مەنسوور-بەرێوبەری نووسینگەی خانەقی بۆ ماددەی140 وجێگری سەرۆك ئەنجومەنی شارەوانی-،دڵشاد ئەكرەم-پەیامنێری كەناڵی الحرە و بەرپرسی راگەیاندنی ئەرتەمیتا–، تالیران عەبدوڵا-نوێنەری گەنجانی ئەرتەمیتا-، رزگارمەحمود- هونەرمەند و ئەندامی ئەرتەمیتا-، نەجم وارانی-رۆژنامەنووس-، گۆران جەبار-سكرتێری گشتی گەشەپێدانی ئەرتەمیتا-، حوسام مەحەمەد-ئەكادیمی خانەقی بۆ وەرزشت و زانست-، مەحەمەد كەریم-هاوڵاتی-، ساڵح ئیبراهیم-بەرپرسی حزبی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان-). ئەمەم كۆبوونەوەیە بۆ رێكخستنی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی راپۆرتی لیژنەكەی(بێكەر-هاملتون)سازدراو بەم بۆنەیەوە نامەیەك ئاراستەی هەموو حزب ورێكخراوە كۆمەڵایەتی و جەماوەرییەكان كرا بۆ ئەوەی سبەی لە كاتژمێری10ی بەیانی لە ئەنجومەنی شارەوانی بۆ ئەم مەبەستە كۆبوونەوە رێكبخرێت.

لە پەیوەندییەكی تەلەفۆنی لەگەل بەرێزان(كاك سەلاح كوێخا-بەرپرسی مەڵبەندی12ی خانەقی، كاك ئەكبەر حەیدەر-بەرپرسی بەشی رێكخستنی پارتی دیموكراتی كوردستان-، كاك سەمیر مەحەمەد-سەرۆكی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی-، كاك عەدنان عەزیز-بەرپرسی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان-، كاك جەوهەر شوكور-بەرپرسی مەحەلی خانەقی حزبی شیوعی كوردستان) بەراشكاوی ئامادەیی خۆیان دەرخست بۆ بەشداری و پشتگیریكردن لەم كۆبوونەوەیە.

2006/12/13

سەلام عەبدوڵا

07701929872